

# یەع لە وزیری ناوخۆی هەولێر ....

## جەزا چنگیانی

کاتی خۆی بە هۆی گرتنی هاوکارمان کاك عبدالرزاق لە لایەن ئاسایشی سلیمانیەوە ووتاریکم نووسی ( یەع لە ئاسایشی سلیمانی ) ئەوەی هەر تۆزێك ئاگای لە زمانی کوردی بێت لەووشەی ( یەع ) تێدەگات . بەکارهێنانی هەر ووشەیەك نرخی بەرامبەرەکەی دەپێوێ .گرتن و سزادانی ڕۆژنامەوان و نووسەران و هونەرمەندان لەبەر هۆی ڕادەربڕین هیچ پاساویکی بۆنیە .لە (یەعبوونی دەسەڵات ) زیاتر .. جیاوازی لە نێوان ئاژەڵێکی دڕندە و مرۆڤێکی دڕندە ئەوەیە مرۆڤی دڕندە بە پێی پڕینسیپێکی فاشیانە بەرامبەرەکەی دەخوات یان دەیجەوسینیتەوە . ئاژەڵ بە هۆی غریزەی ژیانەوەیە .وەلێ کە ئاژەڵ تێر بوو ئاژەڵی تر ناخوات . مرۆڤی نەخۆش تیریش بێ ئارەزووی بە جەوسانەوەی مرۆڤ دەشکی کەواتە ئەو مرۆڤانەی چەشنی وەزیری ناوخۆی هەولیرن لە ئاژەڵ بڤەترن بۆ بنەما مرۆیەکانی کۆمەڵگا . چ سەردەمێکی گەوجیە میللەتێك ڕابەرێکی هەبێ لە ئازادی بترسێ . ئەی ئیتر چۆن دەتوانن باسی ئازادی کۆمەڵگایەك بکەن . پارتی نا دیموکراتی کوردستان سەخناخە

لەم جۆرە کەسانەی وەك وەزیری ناوخوی هەولیر . ئەی ئەوەنیە هاوکارەکەی وەزیری ناوخۆ . ( وەزیری پیشمەرگە ) وەك سەردەمی بازاڕی عکاز پێنج ژنی هەیە ... ئەی ئەوەنیە نەسرین بەرواری بە ( سیخە ) بە ئارەزووی کاتەکانی عەگال دەگۆڕیٚ .. بە ناویش نوێنەری کوردە بەرامبەر بە فاشی عەرەبی و پرێمتیفی شیعە . ئەوەنیە ئیستاش هوشیار زیباری نزگەرە بۆ قومارخانەکانی لندن لێدەدات کۆمەڵگایەك ئەمانە سەرگوزوری ئاوزانیان بن دەبیٚ چاوەڕی چی لێبکەیت .

هاوڕی و هاوکارم کاکە ئاکۆ تۆ لە میژوودا بووی بە خاوەنی خەڵاتێکی بیٚ ( دراو ) ... ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەوانانی دەوری سفرەی دەسەڵات با لەسەر پیخەڤ دۆلاریش بژین .... نرخیان لە میژوودا ناگاتە چمکی فەرشە دڕاوەکەی ژیر پیٚ ناسکی دووکۆڕپە نازدارەکەت .

سان پیتربۆڕگ ...2005/08/10
jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de